بەپێی هەواڵەکە، کوردان کە هەمێشە بەرهەڵستیی دەسەڵاتدارێتیی لەشکری ئێرانییان کردووە، ئەمێستا چالاکانە لەدژی دیموکراتەکانی ئازەربایجان، کەوتوونەتە هاوکاریی لەشکری ئێرانیی، بەلام ئەوەنەش چەك و تەقەمەنییان نەدراوەتێ کە ببنە مایەی گرفتی کاریگەر.

## KURDS HELP PERSIAN ARMY

LONDON (A.A.P.).—Kurdish tribesmen have joined forces with the besieged Rezaieh garrison, which is the last Azerbaijan town held by the Government forces still holding out against the autonomous forces, says Reuters correspondent at Teheran.

The Kurds, who have always opposed the Persian army's authority, are now actively aiding regular Persian forces against Assyrian and Caucasian democrats, but their arms, ammunition and reserves are reported to be insufficient to make a decisive contribution.

## دابونەریتە جۆراوجۆرەکانی هاوسەرگیریی لەلای کوردی عێراق

رۆژنامەی ئوستورالیی Narandera Argus and Riverina Advertiser کە لە ١٦ی مایۆی ١٩٤١دا، چاپ و بلاوکراوەتەوە،بابەتیکی بەم ناونیشانەی سەرەوە بڵاوکردۆتەوەو دەلیت کە کورد یەکیك لەخیلە گرنگەکانی عێراق پێکدێنن. کوڕی کورد کە لەدایکدەبێت سێ شەو و سێ رۆژ ئاهەنگ و هەڵپەرکێی بۆ دەگێرن. لەتەمەنی پێنج ساڵی پۆشاکی بۆدەکەن و ریك وەك باوکی شەرواڵیکی فش و چۆغەیەکی درێژی لەبەر دەکەن و پشتوێنیکی لەناوقەد دەبەستن و هەروەها کلاوپێچیشی لەسەردەکەن و بەوەش دەبێتە قۆزترین منداڵی جیهان .
کە گەورەبوو گەیشتە ١٨ ساڵ ژنی بۆدێنن. ئەگەر کوری خێزانیکی هەژار بێت، خێزانیکی خزم و ناسیاوی وەك خۆیان دەدۆزنەوە، کە ئەوانیش کوڕێکیان هەبی وەختی ژنی بێ، جا ئەوسا ژن بەژن دەکەن و خوشکەکانیان دەگۆڕنەوەو هەردوو ئاهەنگەکە لەکاتێکدا پێکەوە دەکرێ و هیچی تێناچی تەنیا ئەو شاییو زیافەتەی کە سێ رۆژ دەخایەنێت و مەسرەفی ١ەند دەەستەقاپ و بەڕو کومباریك کە هەر ٥ جونەیهی ئیستەرلینیی دەکات.

لەنێو خێزانە دەوڵەمەندەکان مەسەلەکە جیاوازەو سەندن شوێنی ژن بەژن دەگرێتەوە، لەم کاتەشداجوانی کچەکەو ویستی خیزانەکە بۆ خزمایەتیی و دانوسان و رێکەوتن بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەکە مەسەلەی بنەڕەتین. دواتریش لەشاییی دەوڵەمەندەکان بەهەزارەها کەس بانگدەکرین و پارەیەکی زۆر بۆ ززیافەت و خوانی گشتی سەرفدەکرێت .

لەنێو کوردانی خیلەکیش، رەوشی هاوسەرگیریی هەروەها جیاوازە، ژن لەنیو خێلەکاندا، تەواوی کارەکان ئەنجام دەدات، پیاوەکان هەر دەڵێن و دەخەون. بەڵام شەو بەدەگمەن دەخەون و لەنێو دەوارەکانیان دەمێیننەوەو پاسەوانن...
لێرەش جوانی ژن و تواناکانی رۆڵ لە هاوسەرگیرییەکەیدا دەبینن،



بەتایبەت لیوەشاوەیی لە چینین و تەونکاریی و پۆشاکسازیی و راپەڕاندنی کاروباری خێزان.
ژنی کورد تاڕادەیەك سەرنجڕاکێشە، ئەو بێ پەچەو عەبا و بەرووی دیارەوە ئازادانە دیت و دەچێت، ئەو خوان شکۆی تایبەتی خۆیەتی، هەرچەندە وەك بەشیك لەموڵکایەتیش حیساب دەکرێ، کەچی زمانی ناوەستێ و ئەوانیش زۆربەی جار هەروەك ژنانی ئوستورالیی رقیان لەوەیە بێدەنگبن. دەوترێ کاریگەرییان لەسەر مێردەکانیان زۆر بەرچاوە .
فرە ناسراوترین ژنی کوردستان، عادیلە خانمە. ئەوەی پاش مردنی مێردەکەی، سەرۆکایەتیی خیڵی جافی گرتە ئەستۆو دەوترێ بەهەمان شێوەی حوکمی ئەلیزابێسی لەئینگلتەرا، ئەویش ئاوا ژیرانەو ئازایانە حوکی جافەکانی کردووەو لەسەردەمی ئەودا جافەکان لەعێراق بە توانای بازرگانیی و سامانداریی و دەسەڵاتیان ناسرابوون.



## The Kurds of Iraq — Varied Wedding Customs

[illegible]

The Kurdish woman is rather remarkable. She goes about openly and unveiled. She carries herself with commanding dignity. While women are still regarded as chattels, their tongues are not so silent. They often nag quite as much as in Australia. Their influence over their spouses is said to be most marked.

The most famous women of Kurdistan was Adela Khanum. On the death of her husband, she took over the chieftainship of the Jaf tribe. It is said that she ruled with the brains and firmness of Queen Elizabeth. As in Elizabeth's reign England waxed great, so in Adela's reign the tribe of Jaf was known throughout Iraq for its wisdom in trading, its power and its wealth.



## قەرە فاتیمە


کوردان بەدرێژایی مێژووی عوسمانیی لەسایەی باڵادەستی هزری مەزهەبیی، سوتەمەنی جەنگ و شەڕەکانی عوسمانیی بوون دژی دراوسێکانی، هەر لەشەڕی چاڵدێران و هێرشکردنە سەر سەفەوییەکان لە ساڵی ١٥١٤ تاکو هەڵایسان و کۆتایی ی جەنگی یەکەمی جیهانیی لەساڵی ١٩١٤-١٩١٨. جەنگی قەرم (١٨٥٣-١٨٥٦)یەکێك بوو لەو جەنگانەی کە لەنێوان عوسمانییەکان و روسەکاندا هەڵگیرساو ئینگلیزو فەرەنسییەکانیش لەم جەنگەدا پشتگیریی عوسمانییەکانیان کرد. کوردانی ئیمپراتۆری عوسمانی لەم جەنگەشدا پشتگیریی خەلیفەیان کردو دژی روسان گلانە جەنگەکەوە، یەکێك لەو کوردانەی کە لەم جەنگەدا ناوباگی پەیدا کرد خانمیکی جووتیاری کورد بوو بەناوی (فاتە رەش /قەرە فاتیمە)، ئەوەی خوشکی قەرە بیلال بوو لەخێڵی سیمینلی، ناوبراو بەخۆی و ٣٠٠ سوارەی کوردەوە بەشداری شەرەکەی کردو دواتریش بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازانی خەلافەت بەو هیزە کوردییەوە لەساڵی ١٨٥٤دا سەردانی ئەستەمبوڵی کرد، وێنەی ئەم خانمە لەکاتی چوونە ناو ئەستەمبول و ئەو پێشوازییە مەزنەی لێی کراوە لەلایەن مێژوونووسی هونەری بەناوبانگ (گوسیپ فوساتی) یەوە گیراوە، کە لەودەمەدا بۆ نۆژەنکردنی ئەیاسۆفیای سەردانی ئەستەمبوڵی کردبوو.

هەروەها لەم بارەیەوە رۆژنامەی ئەمەریکیی ( Barbour country index) کە لە ٢١ی دیسەمبەری ١٨٨٧دا، هەواڵی گەیشتنی قەرە فاتیمەی بۆ ئەستەمبول لەوتارێکدا بەناونیشانی :" ژنەجەنگاوەرێکی بەناوبانگ. قەرەفاتیمە ژنە جەنگاوەرێکی سامناکی کوردستان" بڵاوکردۆتەوەو باسی ئەوە دەکات چۆن خەڵك بە هاتنی ئەم ژنە جەنگاوەرە ناوازەیەی کوردستان بۆ ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆری عوسمانیی سەرسامبوون و بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لیکردووە. ئەو ژنە جەنگاوەری کورد کە بەگوێرەی رۆژنامەی " پاڵ ماڵ گازیت" سەرەتای کارو چیرۆکەکەی بۆ جەنگی کریمە دەگەڕێتەوە، کە وەك

فەرماندەیەکی ژن، لەشکرێکی لە سوارەی کوردانی خۆبەخش سەرکردایەتیی کردووەو ئازایەتییەکی کەموێنەیان لەو جەنگەدا پێشانداوە. حکومەتی عوسمانیش لەپای ئەو رۆڵە مەزنەو ئەو ئازایەتییە ناوازەیە، مانگانەیەکی بۆ بڕیوەتەوە کە ٥٠٠٠ پیاستەرە، ئەوەی کە لەکوردستان دەتوانی بەراحەتیی پێی بژی . ئەو ژنێکی باریکەلەی بالابەرز و ئەسمەربوو، رووخساری وەك هەڵۆیەك دەردەکەوت و زیاتر لەپیاویکی ٤٠ سالانە دەچوو تا ژنێکی ٧٥ ساڵ. ئەو پۆشاکێکی سەربازیی قەوزاکییانەی کردۆبووەبەر کە بەو نیشان و مەدالیایانەی بەرگە سەربازییە فەرمییەکەیەوە کەبەلای سنگیدا شۆڕببووەوەو دەدرەوشایەوەو لەنێو سەربازەکانیدا وەك فەرماندەیەکی لەشکری عوسمانیی، شکۆیەکی دیاری هەبوو کە لەشەقامەکانی ئەستەمبوڵدا زۆر سەرنجڕاکیش بوو.

دواتر رۆژنامەکە باسی لەو بیرەوەرییەی ژێنرال لێسپیناس دەکات کە یەکێك بووە لە ئەفسەرانی هێزە هاوپەیمانەکانی عوسمانیی، کە پێش ئەوەی لە کریمە جێگیربن، لە خیوەتەکەی خۆیدا جگارەیەکی داگیرساندووەو لەگەڵ برا ئەفسەرەکانیدا گفتوگۆیان کردووە، لەناکاوی دەنگێکی ناوازەی هاوارو تەپڵو مۆسیقایەکی بەهێز رایچڵەکاندوون و ئەو ناوەی وروژاندووە، سەربازەکان رایان کردۆتە سەر گردەکان تا بزانن ئەم هەرایە چییە و دەبینن ژنێك سەرکردایەتیی نزیك ٣٠٠ سوارەی کوردی کردووەو بەرەو مەیدانەکە ملدەنێن...




the shrines are kept burning continually, at the expense of the empire, and almost every other store or shop has a large display of glittering brass and paint in the form of shrines. And yet there is more crime here and more ignorance than in any other civilized country.

## A FAMOUS AMAZON.

**Kara Fatma, Kurdistan's Redoubtable Female Warrior.**

People just now in Constantinople are interested in the presence among them of Kara Fatma, the redoubtable female warrior of Kurdistan, who has come on a brief visit to the Turkish capital. Her deeds of prowess, says the *Pall Mall Gazette*, date back to the beginning of the Crimean war, when she led a large body of Kurdish volunteers, who fought with singular daring for Turkey. The Ottoman Government remembers her services, and requites these by a monthly pension of five thousand piasters—a sum that in her own frugal home allows her to live with ease. She is tall, thin, with a brown, hawk-like face; her cheeks are the color of parchment and seamed with scars. Wearing the national dress of the sterner sex she looks like a man of forty, not like a woman who will never again see seventy-five. Slung across her shoulders in Cos

## "ئیدا فایفیر" یەکەمین ژنە گەشتکەری ئەوروپیی لەکوردستان : تەنانەت لەنێو دزانیشدا جوامێریی و کەرامەت هەیە!

١٨٠ ساڵ بەرلەئێستا و دروست لە ١٤ی تەموزی ١٨٤٨دا، یەکەمین ژنە گەشتکەری ئەوروپیی کەناوی (ئیدا لورا فایفیر ١٧٩٧-١٨٥٨)بوو گەیشتە رەواندز. ئیدا فایفر ژنە نەمساوییەکی بەهێزو زیرەك و وریا لەڤێنای پایتەختی نەمسا، لەخیزانیکی دەوڵەمەند، لەدایکبووە. باوکی بازرگان بوو، هەر لەمنداڵییەوە ئیدای بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردە کردبوو، جگە لەزانست و هونەر و مۆزیك، وەرزشیشی فێردەکرد و هاندەریکی مەزنی بوو. ئیدا لەساڵی ١٨٢٠، هاوسەرگیری لەگەڵ دکتۆر فایفیر کرد کە ٢٤ سال لەخۆی گەورەتربوو، بەوەش ناوی بووە ئیدا فایفیر و دوای چەند ساڵیك دوو کوڕی بوو، مێردەکەشی لەساڵی ١٨٣٨ مرد. ئەم ژنە نەمساییە، لەپاش مردنی مێردەکەی کەوتۆتە گەشتکردن لەجیهاندا و بەدوای زانست و دۆزینەوەوی شوینی نویێ دا گەڕاوەو سەرنج و تێبینییەکانی رۆژانەی خۆی کۆکردۆتەوەو دواتریش بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی جیۆگرافیی بەرلین و پاریس، بەلام ئەو دەمە هێستا لەلەندەن پێیان وابوو ژنان ناتوانن هەڵگریی فیکری جدیی بن. گەشتی یەکەمی فایفیر لە ١٨٤٣دا، بۆ فەلەستین بوو، ئەو گەشتەشی کردە کتێبێك بەناوی (گەشتی ڤینایيەك بۆ خاکی پیرۆز). دواتر گەشتیکی تری کرد بۆ ئەوروپای رۆژهەلات و ئەلمانیاو وڵاتانی ئەسکەندافی و گەڕایەوە نەمسا. گەشتی سێیەمی لەساڵی ١٨٤٥ دەستپیکردو ٣ ساڵی خایاند. ئەم گەشتەی لەنەمساوە بەرەو زەریای ئەتڵەسی و لەویوە بۆ بەرازیل و شیلی لەئەمەریکا باشوور، ئنجا لەوێوە بەریگەی زەریای ئارام بۆ چین و هندو ئنجا بەرەو میسۆپۆتامیا و بەرەو ژوور تا دەگاتە موسڵ، لەموسڵەوە بەرێگای خەلیفان و گەلی عەلی بەگدا خۆی دەگەنیتە رەواندزو لەوێشەوە بەرەو سابلاغ و تەبریزو بەرەو باکوری ئێران، لەوێشەوە بەرەو دەریای رەش و بۆ ئەستەمبوڵ و لەریگای دەریاوە گەڕاوەتەوە نەمسا. ئەم گەشتەشی لەساڵی ١٨٥٠ بەناوی ( گەشتی ژنێك بەدەوری جیهاندا)



Kurdisk amazon.


Sabbath Re

"THE SEVENTH DAY IS THE SABBATH OF THE LORD THY GOD

NEW YORK, FIFTH-DAY, JULY 17, 1851.

THE DEAD.

MADAME IDA PFEIFFER.

چاپ و بڵاوكردەوە.

ڕۆژنامەی (THE SABBATH RECORDER) ئەمەریكی ، لە ١٧ی جوڵای ١٨٥١، چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ ئەم خانمە بڵاوكردۆتەوە سەبارەت بەئەو بیرەوەریی و سەرنجانەی لە گەشتنامەكەیدا بڵاوی كردوونەتەوە، خاتوو فایفیر ئاماژەی بەوە داوە كە لەو گەشتەیدا سەردانی وڵاتێكی فرە مەترسیداریی كردووە كە خێڵگەلێكی شوانكارە خاوەنەكەین كە ناوی كوردستانە و زیاتر لەجارێك لەم ناوچەیە كەتومەتە دەستی چەتەو ریگرەكان.


شایەنی باشە، خاتوو فایفیر كە تەمەنی تۆزێك هەڵگەڕابوو، هەروەك ئەو پەندە عەرەبییەی دەڵێت (المفلس فی القافلة أمین)، لە گەشتەكەیدا تاكتیكێكی سەیری گرتبۆبەر، ئەو دەگەیشتە هەر شارێكی گەورە سەردانی كونسڵخانەو مسیۆنێرەكانی دەكردو پارەو شتە گرانبەهاكانی لەوی دادەنان و كاغەزی لێیان وەردەگرت بۆئەوەی چووە هەر شاریكی تر داوای یارمەتی لە بنكە مسیۆنێریی و بازرگانییەكانی ئەوی بكات و ئیدی لنیوانی ئەو شارانەو لەكوردستانیش بە بوخچەیەكی بچووك و زۆرجار بی هیچ پاریزراوییەك و بەسورای بارگیرێكەوە ملی رێگەی دەگرت!

ئەوەی چاوپیكەوتنەكەی سازكردووە دەڵێت: واتە لەزۆربەی حاڵەتەكاندا تەنیا بووی؟!!

فایفیریش لەوەڵامدا دەڵێت : بەتەواوی بەلێ...ئەوان ئیدی چیان بكردایە؟! لەبەر چاویان ژنێكی بەساڵاداچووی بێهیزی نەپاریزراو و لەدنیای خوادا تەنیا بوخچەیەكی بچووكی پێیە، تەنیا رایاندەگرتم و پاش چەند پرسیارێك، ئەوپەڕی لەئەسپەكەیان دادەبەزاندم و بێ هیچ دەستوەردانێك رەوانەیان دەكردم"

جارێكیان، تینوێتی تاوی بۆ هینابووم، دوای ئاوم لێكردن، لەو كوندەیەی خۆیان پێیان دەخواردەوە، دەستوبرد پێیان دام.

رۆبن هودگەلێكی زۆر هەن كە ناویان لەگۆرانییەكاندا تۆمارنەكراوە، دیارە جوامێریی و كەرامەت لەنیو دزانیشدا هەن و سروشتی مرۆڤ هەمان شتە جا لەجەنگڵستانەكەی شێرود بیت یان لە چیاوچۆڵەكەی كوردستان."!



ئیدا لورا فایفیر



## کوردانی باش و خراپ

رۆژنامەی ئەمەریکیی (**THE NAPLES RECORD**) لە رۆژی ٢٠ی ئوتی ١٩٣٠، بابەتێکی بەوناونیشانەی سەرەوە و بەوێنەی کوردێکی تفەنگلەشانەوە لەسنوری تورکیا-ئێران بڵاوکردۆتەوە کەلەلایەن کۆمەڵەی ناشناڵ جیۆگرافییەوە ئامادەکراوە. بابەتەکە سەرەتا باس لەوە دەکات کە ئەو کوردانەی کەلەسنورەکانی ئێران-تورکیادا بەشێوەی چەکدارانە راپەڕیون و تورکەکان هێزێکی زۆریان لەنزیك چیای بەناوبانگی ئارارات کردوونەتەسەر، بۆ ماوەی هەزاران ساڵە دژ بە دەسەڵات و دەوڵەتە دامەزراوەکانی ئاسیای بچووك راپەڕیون و لەشەڕدا بوون، لەو رووەشەوە پەنایان بۆ جەنگی پارتیزانیی بردووە. ئەوان بکوژێکی مێژوویی بوون، بەڵام هەموو هۆکاریکیشیان بۆ ئەوە هەبووە، چونکە ژینگەکەیان ئەو جۆرە ژیانەی بەسەردا سەپاندوون. دەوڵەتەکانیش پەیتا پەیتا هێزی زیاترو پەلاماری توندتریان کردوونەتەسەر بۆئەوەی رێگەی سەرهەڵدانیان لێ بگرن.

دواتر ئەم بابەتە باس لەو پەلامارو هێرشانەی لەشکری ئیمپراتۆریی ئاشورییەکان دەکات لەسەرەتاکانی مێژوو لەناوچەی میسیۆپۆتامیا بۆسەر باوانی کوردانی ئەمڕۆ، لەناوچە شاخاوییە سهرختەکان و لەدەوروبەری سەرچاوە ئاوییەکانی رووبارە مەزنەکانی ناوچەکە، ئەوەی کە لەتۆمارەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەدا چەسپاوە، هەروەها باس لەوە دەکات کە باوانی کوردان لەکۆندا دژی دەولەتی ئەرمینیاش جەنگاون کە لەنێوان ساڵانی ١٠٠٠-٦٠٠ پێش زاین دامەزراوە.

کاتیکیش زەینەفۆن بەخۆی ١٠٠٠٠سوارە یۆنانییەکەیەوە لەساڵی ٤٠١پێش زیان لەئاسیای بچووکەوە دەگەڕایەوە، کوردان، کە ئەوسا کاردۆخییان پێ دەوترا، پەلاماریان داون و لەقەدپاڵی چیاکانەوە تلەبەردی گەورەیان بەسەردا تلۆر کردونەتەوە. هەروەها بەردەوامیش دژی دەسەڵاتی خەلیفەکانی بەغدا جەنگاون. ئەو کاتەشی تورکان هاتنە ناوچەی ئاسیای بچووك، کوردان چەندین جارو بەردەوام دژیان جەنگاون و هیچ کات تورکان دەسەڵاتیکی چەسپاویان بەسەر ئەم

چیاییە توندو زبردەستە سەربەستییخوازانەدا نەبووەو کۆنترۆڵیان نەکردوون.

ئنجا ئەم بابەتە دیتەسەر باسی تورکیای عوسمانی کە چۆن لەسالآنی جەنگدا ناوچەیەکی پشتگوێخراو بووە، ئەو وڵاتەی کە لە نیمچە دورگەیەکی مەزن پیکهاتووە کە کەوتۆتە نێوان دەریاس رەش لەباکوورو بەشی راستی دەریای سپی ناوەڕاست لەباشوورەوە، ئەوەی لەبەشی رۆژهەڵاتەوە بەرەو نیمچە دوورگەی ئاسیای بچووك دەکشێت و دەکەوێتە نیوان دەریای رەش و دەریای قەزوین. نیوەی دووەمی ئەم کشانە بەرەو رۆژهەڵات بریتییە لەو گۆشەیەی تورکیای پاش جەنگ کە بەکوردستان دەناسرێت، نیوەکەی تری کشانەکەی بەرەو رۆژهەڵات واتە راستەوخۆ باکووری کوردستان، ئەوە ئەرمینیای تورکییە.

پاشان ئەم بابەتە دێتە سەر باسی فراوانبوونی بوارە کوردییەکە پاش ئەوەی بەشێکی زۆری ئەرمەنییەکان بەرووداوەکانی جەنگەکەوە لەناوچەکە دەرکراون بۆ سنورەکانی روسیا و بەشێکیشیان گیانیان لەدەستداوە، بەشێوەیەك بەشە باکوورەکەی رۆژهەڵاتی تورکیا بۆتە بەشێك لە بواری بوون و چالاکیی کوردان و ئەمێستا سێیەکی خاکی ولاتەکە پێکدەهینێت و تەواوی ناوچەکانی رۆژهەڵات بە باکوریشییەوە بۆتە شوینی نفوزی کوردان و تییدا چالاکن. بەشێوەیەك لەرووی جیۆگرافیی و سیاسیی و ئابوورییەوە دۆخێکی ئاڵۆز هاتۆتەکایەوە، ئێستا لە رۆژهەڵاتەوە، کوردستان لەگەڵ سنورەکانی ئێران جووت ئەبێتە، کە تا دوورایيەکی بەرچاویش دانیشتووانی ئەو ناوچانە هەر کوردن، لەراستییدا کوردان بەدرێژایی ٦٠٠ میل لەزنجیرە چیای زاگرۆس نیشتەجێبوون کە لە تورکیاوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە کە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق پێکدەهێنێت.

کوردان بۆ لقی رەگەزە سپییە ئێرانییەکان دەگەڕێنەوەو لەسۆنگەی ئەو دۆخە ئازادو سەربەستەی تێیدا ژیاون، تایبەتمەندییەکی زبرو وشکیان هەیەو زۆربەی زۆریشیان بەناو موسوڵمانن.



لەو ناوچە بەرزاییانەی بەشێکی دەکەوێتە ئەرمینییای کۆن و بەشێکیشی لەکوردستان، جەنگاوەرترین رەگەزی کوردەکانی تێدا دەژین، ئەوانەی نمونەیەکی باشن بۆ پێشاندانی کاریگەریی ژینگەیەك لەسەر مرۆ کە تێکەڵەیەکە لە چیا سەخت و دۆڵە بەپیتەکان. چیا کلسیی و بورکانییەکان بەشی سەرەوەی ناوچەکە دادەپۆشێ و خوارووەشی دۆڵە بەرتەسکە سەرنجڕاکێشەکانە کەبە سەرچاوە ئاوییەکانی دیجلەو فورات دەبڕڕێن و بەوەش چەندین حەوزی دەشتی بەپیت پیکدێنن. باوانی کوردان لەم ناوچە نزماییە سەرنجڕاکێشانە بەهۆی لەشکرکێشی ئەرمەنییەکانەوە پاڵنراون و دواتریش لەلایەن خەڵکانی دیکەوە پاش گەیشتنی تورکەکان.

دواتر بابەتەکە لەژێر ناونیشانی لاوەکیی " هەندێك راپەڕینی نوێ" باس لە بەشێك لەو جولآنەوە چەکدارییانە دەکات کە کوردان بەدژی رژێمە نەوپاکەی مستەفا کەمال پاشا کردوویانەو هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ئەستەمبوڵ بەهۆکاری هەڵسانی کوردان دەزانێت و پێی وایە کوردان بە گۆڕینی هەر نەریتێکی ئاینیی کۆن بێزاربوون، ئەو کوردە خێڵەکییانەی لەنێوان سالانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٩، زنجیرەیەك راپەڕینی سەرنەکەتوویان ئەنجامداوەو نەیتوانیوە حکومەتی خۆیان دابمەزرێنن. ئەوان راپەڕین بەدوای راپەڕین کردوویانەو پاش سەرکوتکردنیان دیسانەوە تواناو هێزی خۆیان کۆکردۆتەوەو جارێکی دیکە پەلاماری داوەتەوە.

جووتیارانی کورد لەناوچە دەشتاییەکانی عێراق گەشەسەندووترن تاوەکو خێلەکییەکانی ناوچە شاخاوییەکانی وڵاتەکە. سەردانییکەرانی دەچنە کوردستان چەندین میل دەبڕن بێئەوەی چاویان بەگوندێك بکەوێ، پاش ئەوەی دانەیەکیش دەرئەکەوێ، کەوتۆتە شوینێکی عاسیی و باش پارێزراوەوە، کە لەکۆمەڵێك خانوی نارێکخراو پێکهاتووە کە لەگڵ و بەرد دروستکراون.

ماڵی جووتیارەکان لە ژوورێك پێکدێت کە بەکەڵکی گەوریش نایەت، خێڵەکییەکان بەشێکی ماڵەکەیان بۆ ئاژەڵەکانیان تەرخاندەکەن و بۆخۆیان و خیزانەکەشیان لە بەشەکەی دیکەیدا دەژین. کوردان لەسەر

زەوی دادەنیشن و نان دەخۆن، هەربۆیە پیویستیان بە مێزو کورسی نییە.

سەرخێل یان سەرۆك باشترە، ئەو ماڵێکی هەیە بۆ خیزانەکەی، لەکاتیکدا دیوەخانێکیشی هەیە کە تیبدا دەژی و پێشوازیی میوانەکانیشی تێدا دەکات. ئەو بەوە بیزاردەبێت ئەگەر سەردانییکەر لەلای نەمینیتەوە. هەرئەوەنە سەردانییکەر لەوێ وەستا ئیدی دەبێت بۆ نانی شێوان لەوێ بمێنێتەوە. خوانەکە لەسەر زەوی لەناوەڕاستی شێوخۆراندا دادەنرێ، میوانەکان دەبێت لەبەرامبەر ئەوانی دیکە قاچ راەکێشن...چ کەوچك و چەتاڵ لەسەر خوان نییە کە سینییەکی زیوییە، بەلام ئەگەر کەسێك نەتوانێت بەدەست نانبخوات ئەوا کەوچکی بۆ دێنن. چەند جۆرێکی کەم خۆراك پێشکەش دەکرێت کە ماستی تێدا نیە، ئەوە خۆراکەی کوردان ئارەزووی دەکەن. ماست ئاوی تێدەکری و دەبیتە ماستاو کە خواردنەوەی "نیشتیمانیی" کوردانە. خیلەکییەکان حەزیان لە سەوزەیە بەڵام بەدەگمەن گۆشت پێشکەشدەکەن.

هەروەها بابەتەکە لەژێر ناونیشانی لاوەکی " ئەوان ژنەکانیان دەکڕن"، باس لەوەدەکات کە کوردان بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام بۆیان هەیە چوارژنیان هەبێ، جووتیارەکان بەگشتیی یەکێکیان هەیە، بەڵام سەرکردەکان بەشی تەواوی خۆیان دەبەن. نرخی ژنەکانیش بەگوێرەی پلەبەندییەکەیانە، خێڵهکییەك ئەتوانێت لەبری جوانویەك یان بزنێك ژنێکی دەستکەوێت، هەشیانە ٢٥٠٠ دۆلارێکی تێدەچێت!! بوکگواستنەوەش بۆخۆی وەرزێك لەخۆشیی و شایی و لۆغان دەخایەنێت کە تەواوی خێڵەکەی تێدا بەشداردەبن، بەلام ئەو یەکێتییە کەمتر لە یەك خولەك دەخایەنێت بۆ جیابوونەوە، پیاوەکە سی جار دەڵێت " تەڵاقت کەوتبێ" ئیدی هەریەکەو بەلایەکدا دەڕۆن و ئازادن.

بەلای بێگانەکانەوە، وا پێدەچێت کوردان شتێکی وا نەزانن جگە لەهونەری جەردەیی، زۆرێك خێڵەکییە شاخەکییەکان دزی شارەزان. بەڵام لەناوچە گردەڵانیی و پێدەشتەکاندا، کوردان ژیانێکی شەریفانە دەبەنەسەر لەڕێگەی وەرزێری و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مالات و ئاژەلدارییەوە. کوردان میلەتێکی شوانکارەن، بەدەگمەن لە گوندەکانیان



دەبزوێن مەگەر لەوەرزی کۆچکردن بۆ ناوچە کوێستانەکان لەکاتی وەرزی هاوین و رۆیشتن بەدوای پاوان و لەوەڕگای نوێدا.

ویڕای رووداوە سەرنجڕاکێشەکانی نێو مێژووی شەڕوشۆڕهکانی کورد، کەچی هێشتا ئەو خێڵەکییانە تاوەکو جەنگی جیهانیی بۆ دنیای دەرەوە نەناسراو بوون، کاتێك وەفدێکی نوێنەرایەتیی کوردیی لە کۆنگرەی ئاشتیی لە ساڵی ١٩١٩دا، دەرکەوتن. رۆژنامەنووسان نەیاندەزانی ئەو خێڵەکییە رووسوتاوانەی بەرهەتاو کێن، کاتێك شوناسی ئەو کوردانە ئاشکرابوو، ئیدی لەو کاتەوە پەڕینمە سەر رووی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان و لەوساتەشەوە بەرەودوا.

بوونی ئێستای کوردان لە ناوچەی موسڵ کە ئێستا باکوری عێراقە، بووە کێشەیەکی دپلۆماسیی بۆ ئەو ئەندازیارانی رێکەوتننامەکان کە دەبوو چارەسەر بکرێت. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە، جگە لەشاری موسڵ، زۆربەی هەرە زۆری کوردن، ئەوە بۆن و هێزی نەوت بوو کە دواجار کۆنترۆڵی هەموو شتی لەناوچەکە کرد. ئەوەی موژدەی ئەوە دەدا دەوروبەری موسل ببێتە سەرەکیترین کێڵگەکانی نەوتی جیهانیی.


THE NAPLES RECORD, NAPLES, NEW YORK, WEDNESDAY, AUGUST 20

# Kurds, Good and Bad

A Kurd of the Turkey-Persia Border.

(Prepared by the National Geographic Society, Washington, D. C.)

THE Kurds, who have revolted along the Turkish-Persian border and against whom large Turkish forces have been operating near famous Mount Ararat, have been fighting periodically against the established states of Asia Minor for thousands of years. Always their favorite method of strife has been guerrilla warfare. They have been historic marauders, but perhaps they have every reason, so far as environment is concerned, to lead such lives. State after state has struck against them with forces more powerful than any they could raise.

The days of Assyrian power in Mesopotamia seem pretty far back toward the beginnings of history. Records of that empire show that time and again its soldiers were sent into the rough country around the headwaters of the great rivers to subdue the mountaineers—ancestors of the Kurds—who harried Assyria's outlying settlements. These same mountaineers fought the Armenians when the latter came into the region between 1,000 and 600 B. C.

When Xenophon retreated from Asia Minor in 401 B. C. the Kurds (then called the Carduchi) attacked his 10,000 Greeks, rolling great stones down on them from cliffs and mountains. They fought continually against the Bagdad caliphs. Since the Turks rose to power in Asia Minor the Kurds have fought them repeatedly; in fact, the Turks never established any considerable measure of control over these fierce, freedom-loving highlanders.

Since the World war the European territory of Turkey has been negligible. The country has consisted almost solely of the big, fat peninsula lying between the Black sea on the north and the eastern arm of the Mediterranean on the south, and an extension to the east about as broad as the Asia Minor peninsula, reaching roughly half way from the Black sea to the Caspian. The southern half of this eastern extension—the southeastern corner of postwar Turkey—is what is loosely called Kurdistan. The other half of the eastern extension, immediately north of Kurdistan, was once Turkish Armenia

lowlands by the Armenian invasion and from others by the later arriving Turks.

**Some Recent Revolts.**

Even the fairly recent regime of Kemal Pasha has had several Kurdish revolts on its hands. There was a sporadic uprising in 1929; and in 1925 the tribesmen made an unsuccessful effort to set up their own government. The scrapping of the caliphate at Constantinople aroused them and nearly every change in old Moslem customs has irritated them. Revolt after revolt has been quelled but as soon as the Kurd replenishes his forces and supplies, he is ready to attack again.

The Kurd farmers of the Iraq plains are more prosperous than the tribesmen of the hill country. Travelers climb the trails of Kurdistan for miles without seeing a village. When one does appear, it is usually situated in a well protected spot. Houses are placed without regard to building line and a bird's-eye view of a village reveals a jumble of mud and stone structures.

The peasant's house is a one-room structure which might be mistaken for a stable. The tribesmen reserves one side of his abode for his animals while his family occupies the other side. Kurds sit on the floor when they rest or eat, therefore they do not need tables or chairs.


The tribal chief or headman fares better. He has a house for his family and a guest house where he lives and entertains guests. He is offended if a traveler does not stay with him. Once the traveler has stopped, he must remain for dinner. The food is placed on the floor in the center of the diners. Should a guest stretch his legs toward another person, convey food to his mouth with his left hand, or fondle the dog, his host is offended. No knives and forks are to be found in the Kurd silver chest but if a guest has difficulty in feeding himself with his hands, a spoon will be handed to him. Few meals are served that do not include mast (curdled milk) the favorite dish of the Kurd. A little water mixed with the mast makes mastao, the Kurd "national" drink. The tribesmen like vegetables but seldom serve meat.

**They Buy Their Wives.**



## سەماکەرێك لە کوردستان

رۆژنامەی ئەمەریکیی ( The North Platte semi-weekly tribune) کە لە بەرواری ١٨ی فێبرایەری ١٨٩٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بابەتێکی بەم ناونیشانە بلاوکردۆتەوە کە لەبنەرەتدا لە گۆڤاری بلاکودەوە وەریگرتووە، لەم بابەتەدا باس لە سەمای میللی کوردیی دەکات و لەزمانی کەسیکەوە دەگێرێتەوە کە چۆن سەماکەران لەریزێکدا خۆیان ریکخستووەو لەکاتیکدا کەرنا فوی پیاکردووە، ژن و پیاوی کورد شان بەشانی یەك دەستیانخستۆتە نێودەستی یەکترو بەشێوەی کەوانێکی نیوە بازنەیی دەستیان بە هەڵپەرکێ کردووە. هەڵپەرکێیەکی بەنەزم و ریکوپیك پاش جولەو خولخواردن دیسان گەراونەتەوە ئەو جێگای لێیەوە دەستیان بەجوڵە کردووە، جوڵەیەك کە نیوەی جەستەیان کە لەناوقەد بەرەو خوارە بە جوڵەیەکی نەرم بۆ پیشەوەو دواتر بۆ دواوە ئەنجامداوەو قاچی راستیان بردۆتە پێشەوەو دواریش بەجولەیەکی هیواش قاچی چەپیان بەلادا بۆ راکێشاوە. ئەوانەشی لەبەردەم سەماکاراندا بوون بەچەپلە پێشوازییان لە جووڵەی سەماکاران کردووەو ، پیاوان و ژنانی سەماکاریش بەدەم هاوارو قیرەو هەڵپەرکێوە خۆشیی خۆیان دەربریوە. هەڵپەرکێی کوردیی کە بەلای بینەرەکەیەوە مایەی سەرسورمان بووە چونکە جوان و رێك و سەرنجراکێش بووە.



**A Dancer In Kurdistan.**


The performers had already drawn themselves up in line when I arrived, and a minute later the shrill notes of the pipe gave the signal for the dancing to commence. Some score of young men and women stood shoulder to shoulder, clasping hands, the line forming a crescent. At the given signal, the clapping of his hands by a youth who stood in front of the semicircle of performers, the dance commenced, the entire line of men and women stepping slowly forward and then back again, each pace being taken a little to the right, so that a rotating movement was given to the string of dancers. As the music quickened so did the pace, and at each step the body from the waist upward was bent forward and drawn back. Nor were the steps themselves the same, for the youth who gave them time ran up and down the line clapping his hands and singing and shouting directions and changes.

The principal feature of the dance seemed to be the bringing down of the right foot smartly upon the ground at intervals, when, hand in hand, the whole company remained with their



**بابی عالی بەفێڵی ئاینیی کوردان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکاتەوە**

ڕۆژنامەی ئوستورالیی ( Newcastle Morning Herald and Miners' Advocate) کە لەڕۆژی ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٢دا، چاپ و بلاوکراوەتەوە، واتە لەکاتی ججەنگە گەورەکەی بەلقان کە ئمپراتۆری عوسمانیی بەتوندیی تێوەگلابوو، لەژێر سەردێڕی " کوردانی سەرنجراکیش" نووسیویەتی: بابی عالی زانیوەتی کە ٢٠٠٠ کوردانی ببێزارو تووڕە هەن کە دەەشێ کێشە دروستبکەن، هەربۆیە بە ئەرکێکی ئاینیی بانگێشتی کردوون بۆ سات سۆفیا و لەوێشەوە گەمارۆیانداون و ڕەوانەی بەرەی شەڕیان کردوون.



to Constantinople.

**IMPRESSING KURDS.**

CONSTANTINOPLE, Monday.


The Porte, learning that 2000 Kurds were on the warpath, invited them to a religious service in St. Sophia.

They were then surrounded and sent to the front.

**AT LAKE SCUTARI.**

CETTINJE, Monday.

Montenegrin troops have been land-



AUGUST 8, 1910.

# AMERICAN MONEY GOING

Into Investments in Asia Minor and Kurdistan.

By United Press Wire.

New York, Aug. 8.—From sixty to 100 millions of American money are to be employed to open up the oil and mineral fields of Asia Minor, and Kurdistan. The Ottoman-American Development company, a New Jersey corporation with a nominal capitalization of $500,000, it was learned today, has obtained concessions from the Turkish cabinet for 1,2000 miles of railroad, with oil and mineral rights. It is expected that when the Turkish parliament convenes November 18, the concessions will be approved.

E. C. Converse, president of the Bankers' Trust company, is at the head of the enterprise, and half a score of prominent business and railroad men are associated with him. Extensive plans for speedy construction of the road have been made.

# PENNSYLVANIA HEADS LIST

Of States Which Are Asking For Establishment of Postal Banks.

By United Press Wire.

Washington, Aug. 8.—Every state

## پارەی ئەمەریکییەکان دەروات بە وەبەرهێنان لەئاسیای بچووك و کوردستان

لەژێر ئەم ناونیشانە، رۆژنامەی ئەمەریکیی THE MARION,) DAILY MERROR(کە لە رۆژی دووشەمەی رێکەوتی ٨ی ئوتی ١٩١٠دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەواڵی ئەوەی لەنیۆرکەوە بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمەریکییەکان بەتەمان ٦٠-١٠٠ملیۆن دۆلار لەپارەی وڵاتەکەیان لەپرۆژەی وەبەرهێنانی کانزاکان و نەوتدا لەئاسیای بچووك و کوردستان بخەنەگەڕ. کۆمپانیای گەشەپێدانی عوسمانیی-ئەمەریکیی، ئۆفیسی نیوجێرسی، بە بڕی ٥٠٠،٠٠٠ دۆلار سەرمایەوە لەدوای ئەو پرۆژەیەوەن. ئەوەش زانراوە کە جیاوگێك لەکابینەکەی تورکیاوە بەدەستهاتووە بۆ ١٢٠٠ میل رێگای ئاسنیی و مافیدەرهینانی نەوت وکانزاکان و چاوەڕیی دانیشتنی پارلەمانی عوسمانین لە ١٨ی نۆڤەمبەردا پەسەندی بکات . سەرکی بانکی متمانەی تورکیی ئی سی کۆنڤێرس، لەسەرەوەی پرۆژەکەوەن و ژمارەیەکیش بزنسمانی بواری هێلی ئاسنیی لەتەکدان و پلانی بەرفراوان بۆ بنیاتنانی خێرای ئەو ریگایە دانراوە.

## لەنێو کوردانی ڕۆژهەڵاتدا

لە ڕۆژنامەی ئوستورالیی ( The Inquirer and Commercial News) کە لەبەرواری ۱۰ی یەنایەری ۱۸۹٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هاتووە کە بەسەرۆکایەتیی ئەمیر ویلز لە پەیمانگای ئیمپراتۆریی لەلەندەن بەو دواییە سێمناریك لەلایەن بەریز (دەبڵیو بی هاریس)ەوە بەناونیشانی " لەنیو کوردانی پێرشیا"دا، پێشکەش کراوە. هاریس بەو پەڕی جۆش و چالاکییەوە لەڕێگای شاشەی سکرینەوە باسی لە وڵاتەکەو تایبەتمەندییەکانی و خەلکەکەی کرد، کە دەکەوێتە نێوان تورکیا لەئاسیاو هەروەها پێرشیاوە (ئێرانەوە)، ئەوەی بەناو لەبندەستی ئێراندایە بەڵام لەواقیعدا لەژێر دەسەڵاتی کورداندایە. وتاربێژەکە لەمانگەکانی ئەپرڵ و مایۆ و ژونی ساڵی پاردا، بەنێو بەشەکانی ئەم وڵاتەدا گەڕاوە. ئەو هیچ جانتاو کەلوپەلێکی سەفەری ئەوتۆی لەگەڵ خۆی نەبردووە بێئەوەی هۆکاریکی دروستی بۆئەوە هەبێ، ئەو لەماوەی دوو مانگی گەڕانیدا لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکەوە، جا سەر بەهەر ڕەگەزو چین و توێژێك بووبن، ئەو پەڕی لوتف و میواندۆستیی بینووە.

ئەو تەبرێزی جێهێشتووەو لەوێوە بەقەراخی چۆمی ورمیدا شۆڕبۆتەوەو لەویوە بۆ شارۆکەی مەراغەوەو لەوێشەوە چووە بۆ سابڵاغ کە شارێکی بچووکی کوردییە لەسەر سنوور، کە کوردو فارس بەیەك دەگەن. دوای ڕۆیشتن بەرەو سنوری تورکیی، ناچاربووە بگەڕیتەوەو ڕووەو باشوور بەرەو بانە بەرزەکان ملبنێت. ئەو ناوچەیەی کە پاوانی کوردانی شوانکارەیە، لێرە کوردانی ڕاستیینە لەهەوارگە شاخاوییەکانیان دەبینرێن، چونکە لەوەرزی بەهاری ساڵدا کۆچی خێڵەکان لەدۆڵەکانیانەوە بەرەو لوتکەی چیاکان دەستپێدەکات و لەپایزدا دەگەڕێنەوە.

ئەو لەم گەشتەیدا، بەهەوارگەی بایزئاغادا تێپەڕی بوو و لەلایەن ئەم سەرۆکە کوردەوە پێشوازیی کراوەو ئەو وەسفیکی وردی ڕەشماڵ و دەوربەرەکەی کرد. دوا دوو ڕۆژ گەیشتۆتە دۆلە فراوانەکەی چۆمی



کالوو چیا سنورییەکانی نیوان تورکیاو ئیران، لەهەمووڵاوە میوانداریی بەسەردا دەباری، ئەوەی وایکردووە بەچاویکی وردەوە ژیان و کارەکتەری کوردان بداتەبەرسەرنج. پاش ئەوەی لەدۆلەکەی کالو بەرەو داکشاوە گەیشتۆتە سەردەشت، کە شارۆکەیەکی بچووکە لەناوچەیەکی چیاییدا. لەوی وتاربێژەکە چاوی بە سەماو خۆشی ئەم کوردە چیاییە سەرسەختانە کەوتووە. بەڵام خۆکوتان بەرەو ڕۆژهەڵات لەئاکامی گێڕانەوەی ڕووداوی شەڕە نیوخۆییە خێڵەکییەکان و ئەو حاڵەتە بێیاساییەی خەلکەکەی تێدایە، شکستیپهیناوە، ناچار بە دەربەندێکدا تێپەڕیوە کە ۷۰۰۰ پی لەسەروی ڕووی دەریاوە بووەو چۆتە بانەو ئنجا سەقز، لەوێ کەمەکێك فارس و تورکمان و ئەرمەنیش بینراوە...پاش ۳ ڕۆژ لە سەقزەوە بەرەو باشوور، ئنجا گەشتکەرەکە گەیشتۆتە سنە، کە پایتەختی کوردستانی ئێرانە. لەوێ گیانیکی میواندۆستییەکی بێوینە پێشاندراوە، خەلکی خۆماڵیی ئەوێ، وەك هاریس دەلیت، زۆر بەدەگمەن پێشتر ڕۆژئاواییان بینوە.

دوای دووڕۆژ میستەر هاریس گەیشتۆتە کرماشان و لەوێشەوە ڕووی کردۆتە بەغدا کە لە کۆتایی مانگی جولای گەیشتۆتە ئەوێ.

count of his interview with the defendant. The case was then adjourned.

## *AMONG THE PERSIAN KURDS.*


The Prince of Wales presided at the Imperial Institute in London recently, when a lecture was given by Mr. W. B. Harris, entitled "Among the Persian Kurds." Mr. Harris, in his paper, which was illustrated by a series of coloured views thrown on an illuminated screen, described the country, its features, and people, which, lying between Turkey in Asia and Persia, is nominally in the hands of Persia, but practically under the control of the Kurds. Through this strip of country the lecturer travelled in April, May, and June of last year. He took no baggage beyond what could be carried in the saddle-bag, nor had he any reason to repent of this, for during his ride for over two months the kindness and hospitality of the natives of whatever nationality and class could not have been excelled. Leaving Tabriz, he travelled via the shores of Lake Urmia and the town of Maragha to Suj-bulak, a small Kurdish town on the borders where Persian and Kurd meet. There, after pushing towards the Turkish frontier, he was obliged to return, and, changing his route, struck out to the south across the highlands of the plateau. This forms the grazing land of the Kurdish shepherds, and here the true Kurd in his mountain encampment was found, for in the spring of the year the tribes journey from their valleys to the mountain tops, returning in the autumn. On this march he passed the encampment of Baiz Agha, and was received by that chief, of whose tents and surroundings he gave a description. Two days later the wide valley of the Kalu river and the frontier mountains of Persia and Turkey were reached. Hospitality was showered on the traveller, who obtained a very clear insight into the life and character of the Kurds. Proceeding down the valley of the



## سوارەی کورد لەسوپای عوسمانیی ماندەگرن و رێگە لە ئەنوەرپاشا دەگرن

بـەگـوێرەی هـەواڵێکـی رۆژنامـەی ئـەمـەریکیـی (THE ROCK ISLAND ARGUS ) کە لەرۆژی ٣ ی فێبرایەری ١٩١٣دا، چاپ و بڵاوکراوەتـەوە، بـاس لـە بـوونی بـەڵگـەی گرفت و ئـاڵۆزیی دەکـات کەلەنێو سوپای تورکییدا دەرکـەوتـووە و رووبـەڕووی تـاقمی ئیتیحـادو تەرەقی بۆتەوە، پێدەچێت کوشتن و غافلکوژیی نـازم پاشـا، فـەرمـاندەی خۆشـــەویـستی سـوپای عوسـمانی بووبێتــەت دەرکــەوتنـــی تـــۆوی نـارەزایـەتیی لـەنێو سـوپادا. ئـەو کاتـەی سـەرکردەی تورکـە لاوەکـان ئـەنـوەرپاشـا بـە ئۆتۆمۆبێـل سـەردانـی بنکـەی سـەرەکیـی سـەربـازیی هادیمکوڵی بەمەبەستی بەدەسهێنانی پشتگیریی سوپا کـردووە، بـەهێز رێگەی دابەزینیان لێگرتووە .

سوارەی کـورد کـە لـەبـەری ئاسیایی ئـەستەمبوڵ و گالیاسـی گـەورە کۆبوونـەتەوە داوایەکی فەرمییان بـۆ ئیعدامکردنی بکوژانی نـازم پاشـا کردووەو ئامادە نەبوون گوێ لە فەرمـانی وەزیـری جـەنـگ بگـرن کـە داوای لیکردوون بچنەوە ماڵەکانی خۆیان.



stores has been incessant the past week, while hospitals at the front have been cleaned and patients removed to infirmaries in this city.

**REVOLT AMONG TURKS.**

Berlin, Feb. 3.—Some indication of the trouble the young Turks are having with the Turkish army is found in dispatches today. The army appears seething with the germ of revolt because of the assassination of Nazim Pasha, its beloved commander. Enver Bey, the young Turk leader, went by automobile to the headquarters of the army at Hademkoui to win the support of the troops, but the soldiery forcibly prevented him from alighting. It is regarded too late to stop insurrection in the ranks. Kurdish cavalry stationed in the Asiatic section of Constantinople and in Great Gelays barracks today made a formal demand for the execution of the murderers of Nazim Pasha. The men refused to obey the war minister's demand to return to their homes.



## شلڕۆیی، سروشتێکی دەرەبەگایەتیی ڕۆژهەڵاتیی

ئاشکرایە کە یەکێك لەسیماکانی سیستمی دەرەبەگایەتیی لەڕۆژهەڵاتدا ئەو جۆرە شلڕۆییەیە کە کەمتر لەدەرەبەگایەتیی ڕۆژئاواییدا سەبارەت بەدابەشبوونی چینایەتیی و دۆخی خانەدانیی و دینامیکییەتی گۆڕان و گواستنەوە لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی، بینراوە، هەرچەندە لەوێش هەندێکجار نواندنی قارەمانێتییەکی بێوینە دەگونجێك ئامرازێك بووبێت بۆ گەیشتن بەپلەو دەسەڵات و سامانێکی تایبەت و دواتریش دۆخێکی جیاوازی پلەبەندی چینایەتیی، بەلام ئەمە زیاتر لە دەرەبەگایەتیی ڕۆژهەلاتییدا بینراوترەو بەشێکەی لەوسیمایەی ئەم سیستمەی پێ دەناسرێتەوە.

دەتوانرێت لەم نامەیەی کۆنسوڵی ئەمەریکیی لەئەستەمبوڵ (ئی جۆی مۆریس) بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (ولیەم ئێچ سیوارد) لە ١٠ی یەنایەری ١٨٦٦دا، درك بەم ڕاستییە بکرێت. نامەکە دووردرێژەو باس لەو هەوڵانەی خۆی دەکات کە کردونی تاکو بابی عالی هانبدات سزای ئەوانە بدەن کە خراپە دەرهەق بەهاولاتیانی ئەمەریکیی دەکەن لە خاکی عوسمانییدا، بەتایبەت دوای ڕوودانی کوشتنی قەشە کۆفینج لە ناوچەی ئەسکەندەرونە لە سوریا، گوایە بابی عالی لەریگەی داودپاشای حاکمی لوبنانەوە ئەم هەنگاوەی ناوە.

هەر لێرەدا ناوی حاکمی ئەو ناوچەیە هاتووەو کە مستوك پاشایەو کۆنسوڵ هەوڵی ئەوەی داوە کە مستوك پاشا سزابدرێت و لەکارەکەی لاببرێت چونکە بکوژەکەی قەشە کۆفنجی دالدەداوە. کونسول لەنامەکەیدا دەڵێت کە مستوك پاشا بەهۆی پێگەی بنەماڵەکەیەوە کە لەخێزانی چوپان ئۆغڵوە (کوڕەشوان) بۆتە دەرەبەگێکی مەزنی ناوچەکەو خاوەنی زەوییەکی بەرفراوانن و خزمەکانیشی پاڵپشتین و هاوکاریی دەکەن .

دواتر کۆنسول باسی سەختی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی دەکات و چۆنێتی بەهێزبوونی خێزانی چۆپانئۆغڵو شیدەکاتەوەو دەلیت کە ئەم

*Mr. Morris to Mr. Seward.*

No. 138.] LEGATION OF UNITED STATES OF AMERICA,
*Constantinople, January* 10, 1866.

SIR: I have the honor to enclose a copy of a communication from two of the American missionaries in Syria, relative to an outrage by certain persons in the locality where they reside. On the receipt of the same, in conformity with my request, instructions were issued by the Porte to Daoud Pacha, governor of the Lebanon, to enforce redress of the grievances complained of. The offending parties, I presume, are Maronite or Armenian Christians.

I am happy to be able to inform you that, in consequence of the adoption of the measures which I deemed it my duty to request of the Porte, for the arrest and punishment of Mustouk Pacha, governor of the district of which Alexandrette is the port, and who abetted and protected the murderers of the Rev. Mr. Coffing, the whole of that part of Syria has been at last brought under the authority of the Porte, and purged of the numerous bands of brigands who infested it. The mountain region, inhabited by Kurd and Turcoman tribes, over which this pacha and his relatives ruled supreme, is traversed by defiles, through which pass the great routes of travel to one of the richest sections of Syria. The suppression of brigandage in such a district is a benefit of no ordinary character to the trading and agricultural populations of that part of the empire.

The beys of this mountain region, comprising the Kozan Dagh, the Ghiaour Dagh, Kurd Dagh, &c., and of which Mustouk Pacha was one of the principal, are all of the same family of Tchoban Oghlou, (shepherd's son) One of their ancestors, a simple shepherd, found an enormous diamond in the Indjé river, in the canton of Teitch, which he presented to the sultan of that time. In return, the Sultan gave him the whole of this region as an hereditary fief. The diamond is yet preserved in the imperial treasury, under the name of Tchoban Tach, (shepherd's stone.) The descendants of the shepherd prince continue to inhabit the country where their ancestor fed his flocks. They have ruled over it, nominally as feudatories of the sultan, but their authority eventually became so great that they refused further to pay tribute, and became altogether independent of the imperial government. Their mountains were the asylum of assassins and robbers, and their followers, abandoning peaceful pursuits, gave themselves up to expeditions of robbery, murder, and pillage against travellers and the surrounding inhabitants. Although calling themselves Mussulmans, they had the audacity on several occasions to plunder the caravan of the Suré Emini, (the Sultan's annual gifts to the sacred shrine of the Caaba,) while on its way to Mecca. The trading interests of this part of Syria were nearly ruined, and there was no security for life or property on the great routes of Aleppo, Aintab, and Kilis.

Many attempts had been made in vain to reduce them to submission. They successfully resisted Ibrahim Pacha of Egypt, and a few years since they inflicted a humiliating defeat on the Ottoman troops under command of Aziz Pacha. When I found that Mustouk Pacha was the protector of the assassins of the Rev. Mr. Coffing, I insisted on his deposition from office, taking the position that the Porte really governed that part of the country, or it did not; that if it did, I had a right to claim of it the removal of a provincial governor who gave asylum to the assassins of an American citizen. After repeated instances on my part, the Porte finally, and even at the risk of kindling a rebellion among the mountaineers, ordered the governor of Adana to seize Mustouk Pacha and send him and his family to Constantinople. This was done, as related in despatch No. 68, but, unfortunately, one of the sons of the Pacha escaped the general arrest, and raised the standard of rebellion. Other chiefs rose with him, and the revolt became so serious that the Porte was obliged to take the most energetic measures for its suppression. An expedition of 5,000 men, under Dervish Pacha, was organized, with orders at every hazard and cost to put down the insurrection; to seize the insurgent chiefs, and to bring them to the capital.

Dervish Pacha, the commander of the expedition, was in the late war with Montenegro, where he showed himself perfect master of the art of mountain warfare. For this reason he was selected for this most difficult undertaking. By skilful measures, and after a series of desperate combats, he succeeded in carrying the mountain fastnesses, and in capturing or enforcing the surrender of all the insurgent beys. They have since been transported here, and their country is occupied by detachments of troops. New governors have been appointed in their stead, and guard-houses built in the defiles for the protection of travellers. For the first time in a quarter of a century the roads are secure, and murder and brigandage have ceased to be rife. The conscription has also been enforced, and the annual tribute collected.

This brief narrative will tend to show the wretched condition of the interior of the Turkish empire, and the difficulty of procuring the enforcement of law and order, and proper provisions for the security of foreign citizens resident

ناوچە شاخاوییە سەختە دانیشتووانەکەی لەخێلە کوردو تورکمانەکان پێکدێن و باپیرەگەورەی مستوك پاشا وەختی خۆی شوانیکی سادە بووە، بەوهۆیەی کە پارچەیەك ئەڵماسی گەورەی لە رووباری ئیندیژ لە کانتۆنی تیتچ دۆزیوەتەوەو ریگەی ئەستەمبوڵی گرتۆتەبەرو وەك دیاری پێشکەشی سولتانی ئەو دەمی عوسمانیی کردووەو ئەو پارچە ئەلماسە تاکو ئەو کات لەگەنجینەی عوسمانیدا هەلگیراوە بەناوی (چوپان تاش/بەردی شوانەکە)، سوڵتانیش لەپای ئەو دیارییە زەوی ئەو ناوچانەی بەمیراتیی پێبەخشیوەو لەوێشەوە تاهاتووە خێزانەکەی دەسەلاتیان فراونتربووەو زەوییەکانیان زیاتربووە .

هەرپاش ئەوە دیتە سەر دۆخە گشتییەکەو دەلیت ناوچەکە لەسایەی ئەو خزانەدا ببوەو پەناگای دزو جەردەو پیاوکوژو لەوێوە بەناوچەکانی تردا دەرۆیشتن و کاروانەکانی ئەو رێگایانەیان رووتکردۆتەوەوهەرچەندە ناوی موسڵمانیشیان لەخۆیان ناوە، کەچی ئەوندە بوێریان بەخۆیانداوە چەندینجار پەلاماری ئەو کاروانانە بدەن کە دیاری ساڵانەی سوڵتانە بۆ کەعبە گواستۆتەوە. ئەوان سەرکەوتووانە ریگەیان لەهیزەکانی ئیبراهیم پاشای میسر گرتووەو هیزەکانی عوسمانیشیان بەسەرکردایەتیی عەزیزپاشا شکاندووە.

هەربۆیە کۆنسول داوای لە بابی عالی کردووە مستوك پاشا و خێزانەکەی لەم ناوچەیە دووربخرێنەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ئەوەش لەلایەن حاکمی ئەزەنەوە ئەنجامدراوە، بەڵام یەکێك لەکورەکانی مستوك پاشا هەلاتووەو راپەرینێکی گەورەی لەناوچەکە هەلگیرساندووە، بەڵام دواتر دەروێش پاشا نێردراوە کە سەرکردەیەکی شارەزا بووە لە شەڕی چیاکان و پێشتر لە جەنگی چیای رەش، لەبەلقان بەشداربووە، دەروێش پاشا توانیویەتی پاش چەند شەریکی توندو خوێناویی، ئەو ئەرکە هەرە قورسە بەسەرکەوتووی ئەنجامبدات و کورەکەی مستوك پاشا و هاوەلانی گرتووەو فەرمانداری نویی بۆ ناوچەکە داناوەو لەسەرە ریگەکان خاڵی چاودێریی داناوە بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش لەناوچەکە کە بیستو پینج ساڵی رەبەقە شتی وای بەخۆوە نەدیوە.

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داوادەکات سەردانی قازیی محەمەد نەکرێ

